# بۆ دادگاکانی هەرێمی کوردستان و وەزارەتی ڕۆشەنبیری لە هەرێمی کوردستان

سەبارەت گرتن و دادگاییکردنی ڕۆژنامەوانان بە تاوانی ناوزڕاندن و
هیرشکردن بۆ سەر ناوبانگی کەسان

لەدوای ئازادبوونی باشووری کوردستان و ڕۆخانی ڕژێمی سەددام، ڕۆژنامەوانانی باشووری کوردستان وەک هەموو گەلی کورد پێشخۆشحاڵی خۆیان دەربڕی و هیوایان ئەوە بوو بتوانن ئازادانە کار و خەباتی خۆیان بکەن. لە قۆناغێکی ئاوایدا زۆر ئاساییە هەڵە بکرێن و سنووری ئازادیەکانی ڕۆژنامەوانی نەزانرێن و جۆرە گەڕەلاوژێیەک دروست ببێت تا ئەو کاتەی چەماوەر و کارمەندانی ڕاگەیاندن ئاشنای یاساکانی کارکردن دەبن. ئەرکی هەر سەرەکی ناساندن و ئاشناکردنی ڕۆژنامەوانان بە یاساکانی بڵاوکردنەوە دەکەوێتە سەر شانی حکومەتی هەرێمی کوردستان و دەسەڵات .

بەداخەوە تاوەکوو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان نە بە ئەرکی سەرشانی خۆی هەڵساوە و نەش ڕێگا بە ڕێکخراوێکی وەک کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنانەوانانی کوردستان دەدات هەوڵ بدات یاساکانی بڵاوکردنەوە و یاساکانی کاری ڕۆژنامەوانانی لە ناو ڕیزەکانی ڕۆژنامەوانانیدا بڵاوبکاتەوە. تاوەکوو ئێستا ئێوەی بەڕێز مافی کارکردنی یاساییتان بە ئێمە نەداوە سەرەڕای تێپەڕبوونی زیاد لە 10 مانگ بەسەر داواکاریەکەماندا بۆ وەزارەتی ڕۆشەنبیری .

پێمان وانییە تاوەکوو ئێستا یاسای ژمارە 433 سەبارەت ناوزڕاندن و هیرشکردن بۆ سەر ناوبانگی هاوڵاتیەک (تەشهیر و قەدف) بە شێوەیەکی تێروتەسەل باس لێوەکرابێت، یان لە دانیشتگاکانی ڕاگەیاندن و دەزگاکانی ڕاگەیاندندا ئالوگۆڕ کرابێت. هەربۆیەش ڕۆدەدات کە دەسەڵاتداران ئەو یاسایە بە کار بێنن بۆ دەمکوتکردن و ترساندنی ڕۆژنامەوانان، هەروەها ڕوودەدات کە هەندێ ڕۆژنامەوانیش پابەندی ئەو یاسایە نەبن .

ئێمە لە کۆمیتەی بەرگری لەڕۆژنامەوانانی کوردستان و بۆ ئەوەی ئازادیە ڕۆژنامەوانیەکان لە باشووری کوردستاندا پێشێل نەکرێن و چیتر ڕۆژنامەوانان بەو تاوانە زیندانی نەکرێن ئامادەین هەموو تواناکانی خۆمان تەرخان بکەین بۆ ئەوەی کۆتایی بەو شاڵاوە بهێنرێت لە گرتن و ترساندنی ڕۆژنامەوانان و چیتر ناوی کورد لە سەر ئاستی نێونەتەوەیی نەزڕێنرێت .

ئەگەر گرتنی ڕۆژنانەوانان بە تاوانی تەشهیر و ناوزڕاندن لە کوردستاندا لای دەسەڵاتی هەرێم هەنگاوێک بێت بۆ بەرقەرار کردنی یاسا، ئەوە ئەم کردەوەیە ناوی کورد و دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی لە ناو کۆمەڵگای نێونەتەوەییدا بەتەواوەتی دەزڕێنێت. دوو ڕاپۆرتی نەتەوەیەکگرتووەکان سەبارەت ئازدایە ڕۆژنامەوانیەکان لە باشووری کوردستان باشترین بەڵگەیە .

کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان لە کاتێکیدا هەر پەویوەندیەک و گەڕانەوەیەک بۆ عێراق بە کارێکی ناڕەوا دادەنێت بەڵام بە پێویست دەزانێت حکومەتی هەرێمی کوردستان پابەندبێت بە بڕگەی 38ی دەستووی عێراق سەبارەت ئازادی ڕۆژنامەگەری و بڵاوکردنەوە و ڕاگەیاندن. هەروەها بە پێوست دەزانێت هەموو دقەکان و ڕاسپاردەکانی یاسایی ساڵی 2003 سەبارەت قەدەغەکردنی دادگاییکردنی ڕۆژنامەوانان تەنیا بە ڕەزامەندی سەرۆک وەزیران نەبێت، جێبەجێ بکرێن .

ئێمە پێشنیاری یاسای کارنامەی ڕۆژنامەوانی لە باشووری کوردستان سەبارەت تەشهیر و ناوزڕاندن بە دوور لە پێوەرە جیهانیەکان دادەنێنین و بۆ ئەوەش ئامادەین هاوکاری تەواوی وەزارەتی ڕۆشەنبیری

بکەین. کارێکی شایەستە نییە یاسایەکی کاری ڕۆژنامەوانی پێشکەوتووتر لە عێراقدا دابڕێژرێت و ئـازادی ڕۆژنامەوانی لە باشووری کوردستاندا پێشێل بکرێت .

ئێمە داوای ئەوە دەکەین هاوکاری ڕۆژنامەوانان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە باشووری کوردستاندا بکرێت بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی یاسایی و ئازادانە پەیامی خۆیـان بگەیەنـن. هەروەهـا داوا لە دەزگاکـانی ڕاگەیاندن دەکەین ڕۆژنامەوانانی کوردستان بپارێزن و بە گـوێرەی یاسـاکانی نێـونەتەوەیی کـاربکەن کە تیایـدا دەزگـای ڕاگەیانـدن هەمـوو هەوڵێـک دەدات بـۆ پاراسـتنی ژیـانی ڕۆژنـامەوان و ئاشـناکردنی ڕۆژنامەوانان و نووسەران بە یاساکانی بڵاوکردنەوە.

کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان داوا دەکات:

1- هەموو لێپرسینەوەیەکی یاسایی بە تاوانی تەشهیر دژ بە ڕۆژنامەوانانی کوردسـتان بوەسـتێت و لە جیاتی ئەوە دیالۆگێکی ڕاگەیاندن دەست پێ بکات.

2- کـارکردن بە گـوێرەی پـرگەی 38 سـەبارەت ئـازادی ڕۆژنـامەوانی و ڕاسـپاردەکانی سـاڵی 2003 کە تیایدا تەنیا سەرۆک وەزیران بۆی هەیە ڕۆژنامەوانێک تەحویلی دادگا بکات.

3- ئاشـناکردنی ڕۆژنامەوانـان بە یاسـای ناوزڕانـدن و کۆتـایی هێنـان بە بەکارهێنـانی پـرگەی 433 بـۆ ترساندن و تووقاندنی ڕۆژنامەوانان.

4- بۆ ئەو مەبەستە ئامادەین هاوکاری تەواوی دەزگاکـانی ڕاگەیانـدن و لایەنە پەیوەندیـدارەکان بکەیـن بە مەبەستی پاراستنی ڕۆژنامەوانان و کۆتایی هێنان بە زیندانی کردنیان.

کۆمیتەی بەرگری لە ڕۆژنامەوانانی کوردستان
Ko_b_r_ku@yahoo.se

2007-10-12